

**پارت و رێکخراوەی سیاسی کوردستان**

**نووسەران و رووناکبیرانی کورد ، خەڵکانی دڵسۆز و مرۆڤپەروەر**

هەروەکو ئاگادارن دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ژیانی ئاسایی لەخەڵک بە گەشتی تاڵ و هەراسان کردووە، جگە لەوەی کە رۆژانە دەستبەسەر کردن و ئێعدام بۆ ئەم گەلە بووە بە نۆرمێک لە ولاتی داگیرکراوماندا، هەڵاتن و ئاوارە بوونیش هەر وەکیتری لێهاتووە، خەلکی هەڵاتوو و دەبازبوو کە خۆیان گەیاندوەتە ولاتانی دوروبەر، دەرچوونیان لە ولاتانە بۆ ولاتی سەیەم وەکو داستانی حەوت خانی رۆستەمی لێهاتووە. ژیانی هەندەران بۆ پەنابەران ژیانێکی پر لە ئازار و دەردو مەشەقەتە، کە براستی گێرانەوەی لە تاقەتی مرۆڤدا نەماوە، هەر بۆیە دەبینن باوکی بنەماڵەکە دەمی خۆی دوریوە، تەنها لە پێناو رزگاربوونی منداڵەکانی لە شوێنێک کە هەست بە ئاسایش و ژیانێکی ئاسایی ناکەن.

بەلە بەرێز خسرۆ حـەیدەری بە بنەماڵەکەیەوە لە باکۆی ئازربایجان، سەرەرای زەخت و زۆری پۆلیسی ئەو ولاتە مانی گرتووە و ئەوە چەندین رۆژە دەمی خۆی دژ بە بێ‌مۆبالاتی UN ـی ئازربایجان دوریوەتەوە، و بۆ گەیشتن بە ئامانجی کە دەرچوونە لە ولاتی ئازربایجان بەرەوە ئۆروپا، پێویستی بەیارمەتی هەموو ئێوەیە کە ئاورێک لەخۆی و بنەماڵەکی بدەنەوە.

لەرێگەی ئەم ڕاگەیاندنەوە سەرجەم پارت و رێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکان و ڕۆناکبیران و نوسەران و خەڵکی ئازادیخواز کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە دەنگی هاوپەشتی خۆیان بە ناردنی تەلکس یان ئە.مایل بۆ UN ـی ئازربایجان لە باکۆ بەرێ بکەن، بەڵکو یارمەتیدەری ئەو بنەماڵە کورد بێت بۆ دربازبوونیان لە ئازربایجان بۆ ولاتانی رۆژئاوا یان ئوروپا.

بنەماڵەی خسرەو حەیدەری و فەرەیدون نیکبخت لە باکۆ مافیان پێشێل کراوە و هیچ مافێکی نە مرۆڤایەتی و نە سیاسیان پێ نەدراوە، بە داخەوە یو.ئین و ولاتی ئازەربایجانیش تا ئێستا هیچ کۆمەکیکیان نەکردوون کە بەرەو ولاتی سێهەم بیان نێرن. یوئین لە هەر ولاتێك بوو بێت پشتیوانی لە پەنابەر کردوە، بەڵام یو.ئین لە ئازەربایجان نەك هەر پشتیوانی جیددی لێ نەکردوون بەڵکو هەرەشەی ناردنەوە و دیپۆرت کردنەوەیان بۆ ئێران لێ دەکەن. بۆیە ئەمان پشتیوانی و کەمپینێکی گەوەرەیان پێویستە بە ئیمزای ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکان لەهەر شوێنێک کە هەن.

کاک خسرەو ماوەی ٢٠ ساڵ دەبێت کە لە ئازەربایجان دەژیت و منداڵێکی بە هۆی نەبوونی بهداشت و دەوادەرمانەوە گیانی لەدەست داوە. بنەماڵەی حەیدەری و هاوچارەنووسەکانیان بە تایبەت کاک خسرۆ خۆی پێویستی بە پشتیوانی کوردانی دانیشتووی هەندەران هەیە کە لە رێگەی ناردنی تلکس و ئە.مایل بۆ یو ئین ئیچ سی ئار وە پشتیوانی خۆیان دەربرن، داواکاریمان لە یو ئین ئیچ سی ئار ئەوەیە کە مافی پەنابەری ئەو بنەماڵانە بپارێزرێت. داواکارین کە بنەماڵەی خسرەو حەیدەری و علی‌اکبر نیکبخت سربستانی رەوانە بکرێن بۆ ولاتی سێهەم.

هیوا و ئومێدی بنەماڵەی حـەیدەری تەنها تەلکس و ئە.مایلەکانی ئێوەیە، ئەمە ژمارە تەلەفون و فاکسـی UN ـە لە باکۆی ئازربایجان. تەلەفون ٠٠٩٩٤١٢٤٩٢١٤٤٣ فاکس ٠٠٩٩٤١٢٤٩٨١١٣٤ ئە،مایل azeba@unhcr.ch

کۆمەڵە ـ پارتی سـوسـیـالـدیـمۆکراتی کـوردستان
پـارتی سـەربـەسـتـی کــوردسـتان.
٢٠١١/١/٢٨